# ئەسعەد شوکر غەفور:

- **لەدوای ئەنفال ڕۆیشتم، بووم بە شوانی مەڕدارێکی عەرەب**
- **لەیادی ئەنفالدا نەک هەرگۆشت ناخۆم بەڵکو هەرنانیش ناخۆم**

دیدار: عومەر محەمەد

شوێن : گوندی توکن – ناحیێی سەرقەڵا

کات: ١٠ی سەرلەبەیانی

ڕێکەوتی ٢٠١٢/١/١٩



ئەسعەد شکر غفور– فۆتۆ: ئەنفالستان

ڕۆژی ١٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٢ لە سەردانێکمدا بۆ گوندی توکن بەڕێکەوت چاوم بە ئەسعەد کەوت، هەرچەندە هیچ ڕێکەوتنێکی پێشوەختمان نەبوو بۆ ئەوەی دیدارێک سازبدەین وپێکەوە گفتوگۆ بکەین، لەکۆلانێکی گوندەکەدا کە لەگەڵ سیامەند مام غەفور توشی بووین داوی سلاوهەواڵ پرسین کاک سیامەند ڕووی کردە من و وتی ئەمیش ئەنفالکراوە ماوەک لە دوبز بووە ئیدی هەر ئەوکاتە ڕێککەوتین لەسەر ئەم دیدارەو هەر بەسەرپێیانەوە بێئەوەی کامێرای بۆ دابەستم ولەشوێنێک دابنیشین لەهەمان شوێن وهەرلەناوکۆلانێکی گوندەکەدا ئەم دیدارە بەرهەم هات.

ئەسعەد لە دایکبوی ساڵی (١٩٨٠)ی گوندی توکنی گەرمیانە، ئەو گوندەی (٣٦٥)[1]کەسی ئەنفالکرا، لەوانە خانەوادەکەی ئەسعەد بوون، سێ براو خۆشکەکەیو دایکی و باوکی ئەنفالکراون، برا گەورەکەی بەناوی محمد لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٢لەگەڵ باوکی ئەنفالکرانو ئیتر جارێکی ترنەبینرانەوە، بێجگە لەوان مامو ئامۆزاکانیشی ئەنفالکراون،ئەسعەدیش وەکو زۆربەی ئەو مندالانەی کەسوکاریان ئەنفالکراوە بەتایبەتی ئەوانەی کەسیان نەماوە لەبەر بێکەسی وبێ سەرپەنایی بەمندالی ڕۆیشتوونەتە ناوچەی عەرەبیەکانی هاوسنورو لەوێ بووەنەتە شوانی مەڕی ماڵە عەرەبەکان، ئەسعەدیش هەرچەندە دایکی مابوو بەلام لەبەر هەژاری ڕۆیشتووەو بووەتە شوانی ماڵە عەرەبێکی مەڕدار،لەو دیدارەماندا بە هەناسە هەڵکێشانەوە ووتی: باوکم ئیمەی زۆر خۆش گەرەک بوو، ئیشی پێمان نەدەکرد، من لەژیانێکی خۆشدا بووم، هەتا ئەنفالنەکرای و زیندانی دوبسو تۆپزاوام نەدیت ڕەزالەتم نەدیبوو، بۆیە دەتوانم بلێم ئەگەر دوبزو تۆپزاوا بۆ خەلک زیندان بوبێت بۆمن دۆزەخێکی ڕاستی بوو، کەبەریشبووین "ناتوانم بلێم ئازاد بووین"وەزعمان زۆر زۆر خراپ بوو، هیچ هیچمان نەمابوو، خەلک هەمووی لەم گەرمیانە دەستکورت و نەبوو بوو، ئەنفال داغانمانی کردبوو.

[1] بڕوانە ماڵپەری ئەنفالستان – بەشی ئامار .

ڕۆژێکی کۆتایی مانگی بەهارو سەرەتای مانگی هاوین کابرایەکی عەرەب بە پیکابێکەوە هات لەبەرماڵمان ڕاوەستا، وتی: شوانێکم دەوێ، منیش وتم ئامادەم من دێم، هەرچەند دایکم قایل نەبوو ووتی: مەچۆ بەڵام من بەقسەیم نەکردو لەبەرنەبوونی و هەژاریمان، لەگەڵ ئەو پیاوە عەرەبەدا ڕۆیشتم، کەگەیشتین گوندێک بوو لەلای قەرەتەپە، ئەوە بۆمن وەزعێکی زۆر ناخۆش و تاڵ بوو، لەبەرئەوەی کەسم نەدەناسی، شەوان هەتا بەیانی خەوم لێنەدەکەوت، هەموو لەشم کوترابوو، دەموليوم هەمووی بەگەرمای هاوین سوتابوو ماوەی سێ مانگ من شوانی ئەو پیاوە عەرەبە بووم .

**پیاوەکە ناوی چی بوو ؟**

پیاوک بوو ناوی میقداد بوو.

**ئەوکاتە تۆ تەمەنت چەند بوو ؟**

"کاتێک پرسیاری تەمەنیم لێکرد وەک بلێی خۆی لەباسی ئەوکاتی شوانیە بدزێتەوە ووتی من منداڵ بووم، تەمەنم هەشت ساڵان بوو کە ئەنفالکراین هەموو شتێکم لە بیرە باش بیرمدێ‌و زۆر پێش ئەنفالیشم بیردێت.

**ئەوانەی پێش ئەنفالم بۆ باسبکە ؟**

بۆمبارانی گوندەکان و هێرشی کۆپتەرەکان، بیرمە کەوا جارێکیان ڕاوی ناین بۆچەمەکەی خوارمانەوە.

دواتر ئەسعەد گەرایەوە سەر ئەنفالکردنیان، هاتەوە سەر ئەوباسەی کە بردویانن بۆ تۆپزاواو دواتر ڕەوانەی سەربازگەی دوبزیان کردوون و ماوەی پێنج مانگ لەوێ زیندانی بوون. منیش پێمباش نەبوو قسەکانی پێببڕم ئەو گەڕایەوە ناویادەوەرییەکانی خۆی بەتایبەتیش سەرەتای ئەنفالکردنیان .

ووتی: ( لێرەوە لەم "توکن"ەوە ڕۆیشتووین بۆ عەلیانو لەوێشەوە بۆ ملەسورەو ئینجا بۆ قەلای قۆرەتو، سێ چوار ڕۆژێک لەوێ هێلامانیانەوەو لە قۆرەتوو ئینجا بردمانیان بۆ تۆپزاواو دوای سێ ڕۆژ بردمانیان بۆدوبز، لەوێ دوای چوارمانگ پاصی داخراویان هێناوەو خەڵکێکی زۆریان بارکرد، وەک دایکم هەموو جارێک دەڵێت: ئەوانیان بردو بەریاندانو ئێمەشیان بۆنەگبەتی هێلایەوە، کەچی وەزعەکە پێچەوانەکەوتەوە، ئەوەی بردیان ئیتر نەگەرانەوەو جارێکی ترچاومان پێیان نەکەوتەوە.

ئەسعەد بیری دێت کە لەقۆرەتوو شێخ حسێنی هەزارکانیان بردووەو مقۆمقۆی ئەوە بلاوکراوەتەوە کە کاکە شێخ حسین هەزار کانیان بردو بەریاندا. بەڵام دوای ماوەیەک کاکە شێخ گەراوەتەوەو وتوویەتی هەتا ئەو خەڵکە لەگەلمندا بەرنەدەن منیش نارۆمەدەرەوە، ئەم یادەوەریەی ئەسعەد قسەکانی حەمەی مارف پشتڕاست دەکاتەوە کە پێشەوای فیرقە یان لیوا بووە داوای چەند فەرماندەیەکی جاشی کردووە، کە قسە لەگەڵ شێخ حسێن هەزارکانیدا بکەن هەتا قسەی سەدام نەشکێنێ و خۆی هاوسەرومنداڵەکانی ئازادبن بۆیە، ئەفسەرێکیان لە گردەگۆزینەی ئەوبەری ئاوی سیروانی لای کەلارەوە ناردووە لە قۆرەتووەوە شێخ حسێنیان هێناوە بۆ لیوای 444 هەتا قەناعەتی پێبکەن بەربێت.

**ئەوەی لەدوبز بیری ناچێتەوە:**

لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨ دا گەرمیان بەرپەلاماری ئەنفالکەوت ، لەوپەلامارەدا ئەسعەد لەگەڵ سەدان منداڵی هاوتەمەنی خۆی‌و لەخۆی بچوکتر گیران و ماوەی پێنج مانگ لە سەربازگەی دوبز زیندان

بوون، ئەوەی بیری ناچێتەوە ئەو ڕۆژەیە کە شامی (شوتی)یان بۆخەڵکەکە هێناوە، ئەوان لەبەر ئەوەی لەهەلومەرجێکی زۆر قورس و قاتو قریدابوون، ئەگەر نانیان بدیایە گەشگە دەی گرتن( خەڵکەکە خەریکبوو شێت دەبوون لە برسان) ئەسعەد دەڵێت : ڕۆژێک وتیان شامیان هاوردووە، ئای چ هەواڵێک بووا کە وتیان شامی هاتووە خەڵکەکە ڕۆیشتو کەوتە پەلەپەل چونکە برسی بووین هەر سەمونی ڕەقیان ئەداپێمان جار بەجارێک نیسکێنەیەکی زۆر زۆرناخۆش بۆیە خەڵکەکە کە شامی بینی هوروژمی کرد، کوڕێک ناوی غازی بوو لە قاعەکەی ئێمەدا بوو شامیەکی هەڵگرتبوو، فەقیرە لە دەستی کەوتە خوارەوەو شامیەکە شکا، نازانم عەمید بوو یان عەقید بوو نەجمەیەکی زۆر بەبان شانیەوە بوو، هات بۆی یەک شەقی تێهەڵدا ئەو غازییە بەستەزمانە سێ چوار تەقلەی دا، ئەوەندە بەتوندی تێی هەڵدا زۆر عەزیەتی دا من قەت ئەو زوڵمەم لە بیرناچێتەوە. ئەو دیمەنە هەرلە زەینمدایەکە عەسکەرەکانی دەوری هەموویان دەستیانکرد بە قاقای پێکەنین.

ئەفسەرێکیش بوو ناوی محمود بوو ئەبو( ڕوون نیە ئەبوکێ....)یان پێ دەگوت خەڵکی سلێمان بەگ بوو، زۆر پیاوێکی توندوتیژو درندەو خراپە کاربوو لەگەڵماندا. من بۆخۆم دوسێ جار لێدانم بەدەستی ئەو ئەفسەرە خواردووە لە هیچی خۆرایی لێی دەدایین.

هەرلەیادەوەریە تاڵەکانی دوبز، مردنی مندالان یەکێکە لەو دیمەنە ترسناکانەی هەتا ئێستا کاریگەریان بەسەر ئەسعەدەوە هەیە،یەکێک لەوانەی بەبەرچاویەوە مردووە کوڕێکی خزمی خۆیەتی بەناوی (بەشدار لەتیف صالح) ووتی ئەو باوکی ئامۆزای خۆمە، سەبارەت بەو منداڵانەی کەلە دوبز لە دایکبوون قسەی بۆکردم، لەپێشەوە هەناسەیەکی نائومێدی هەڵکێشاو ووتی: کورە باسی چیت بۆ بکەم یەکێک لەوانە خەڵکی ئەم گوندەیە، کچی مام کەریمە ناوی (مەلەک)ە .

**هەرلەوێ ناویان لێنا مەلەک ؟**

بەڵێ هەرلەوێ ناویان نا. ماڵە لەگەڵ ئێمە لە دوبز زیندان بوون، زۆری تر لەوێ لە دایکبوون.. بەڵام بەچی دەچێت ؟!

**بۆچی ؟ مەبەستت چیە ئەگەر بۆم ڕونبکەیتەوە ؟**

بڕوابکە هاتن ناوی ئەو مەلەکەیان کوژاندنەوە وتیان ئێوە ئەنفالتان نیە.

**ئەمەکێ ناوی کوژاندەوە ؟**

ئەمە حکومەتەکەی خۆمان کردی ..!! بە نائومێدییەکەوە ووتی من هیچ چاوەڕوانیەکم لەم حکومەتە نیە، ئاخر ئەوە بیست ساڵە حکومەتن و دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە ئەوە ڕێگاو بانەکەمانە کە خۆت دەی بینی .. ئەوە ژیانو حاڵەکەمانە کە لەبەرچاوتە ؟! ئەوە مام عەلی مامەلی مرد مامە ئەحمەد مرد حکومەت تازە بەتەمایە شتیان بۆبکات؟ تازە ئەوان مردن ؟! ئەوان ڕۆیشتن ؟

**بەبڕوای تۆ حکومەت چی بکات ؟**

برا هەربێن دڵنەوایمان بکەن ؟ جاشێکیان بدایەتە دادگا کوا ؟ بۆ داڵدەیان دەدەن..!! ئیترلەوە زیاتر چاوەڕوانی چی بین لەم حکومەتە !؟

**زۆر نائومێدیت لەوەی بدرێنە دادگا ؟**

ئەی کوا کەس دراوەتە دادگا هەتا ئومێدم هەبێت ؟

**ئایا دەچیتە پرسەی جاش و موستەشارەکان؟ چی پرسەیان ؟** (بە پێکەنینەوە) جا ئەوە چۆن بۆمن دەشێت کە هەموو کەسوکارمان ئەنفالکراوە ؟ ئەوان مناڵانی بەرمەکانیشمانیان دایە دەست بەعسەوەو بەعسیش دانیە دەم شۆفلەوە.

**کاک ئەسعەد با لەتۆش بپرسم ، بۆ ئەو پێشنیارەی کە دەڵێت با ڕۆژی 2012/4/14 هیچ پەلەوەرو ئاژەڵێک سەرنەبردرێتو لەماڵان و لە چێشتخانەکاندا گۆشت نەخورێت، تۆ چی دەڵێیت ؟**

زۆردڵم خۆش دەکات.

**واتە تۆ پەیرەوی دەکەیت ؟**

ئەی چۆن پەیرەوی ناکەم ؟! ئەوە بەراستتە لەو ڕۆژەدا من نەک هەرگۆشت تەنانەت نانیش ناخۆم، برا ئێمە جەرگمان کون کونە..بەڕاستی پێشنیارێکی جوانە ئەو ڕۆژە پەیرەوی دەکەم.

**دواقسەت چیە ؟**

هەر ئەوە دوبارە دەکەمەوە، دادگایی کردنی جاشو موستەشارەکان چونکە تائەوان بەبەرچاومانەوە بە ئازادی بگەڕێن ئێمە منداڵانیشمان ئازاردەکێشن. تەراتێنی ئەوانە منداڵانیشمان ئازار دەدەن،چونکە ئەوان ڕەحمیان نەبوو تەنانەت رەحمیان بە منداڵەکانیشمان نەکردو دایاننە دەست بەعسەوە.



**کۆمەڵێک گەنجی گوندی توکن، لەناویاندا ئەسعەد وەستاوە – فۆتۆ: ئەنفالستان**